**Democratic Union of Iranian Kurdistan**

**یەکێتی دێموکراتەکانی کوردستانی ئێران**

# مەحکوم کردنی هونەرمەند سمایل سەردەشتی بە 6 مانگ زیندان و73 زەربە شەللاق

بە گوێرەی هەواڵێك کە ڕۆژی 2004.10.30 لە بەشی دەنگ و باسی تەلەویزیۆنی کوردی ROJTV دا بڵاو کراوە، هونەرمەند سمایل سەردەشتی گورانی بێژ ڕوبەڕوی مەترسی زیندانی و شەلاق و هەروەها بێ بەش بونی دریژخایەن لە کار و باری هونەری بۆتەوە. ناوبراو کە بۆخوشی لە ڕیگای تەلەیفونەوە لە هەمان بەرنامە دا قسەی کرد لە پەیوەندی لە گەل ئەم تاوانانەی کە لە لایان قازی بەقالی سەرۆکی شوعبەی سێی دادگای گشتی شاری سەردەشتەوە خراوەتە پاڵی، ڕایگەیاند کە هێزی ئینتیزامی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئیران وەکو شکایەت کار ناوبراویان بە تێکدەری نەزمی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی وڵات و هەروەها دنە دانی لاوانی کورد بۆ دژایەتی کردنی ڕێژیم تاوانبار کردوە، دەبێت بگوترێ کە قازی بەقاڵی پشتگیری لەم داوایەی هێزی ئینتیزامی ڕێژیم کردوە.

بە گوێرەی ئەم بڕیارە سمایل سەردەشتی بە سێ ساڵ زیندان، حەفتاو سێ زەربە شەللاق و هەروەها دور خستنەوە لە کاری هونەری بۆ ماوەی سێ ساڵ حوکم دراوە.شایەنی گوتنە کە سمایل سەردەشتی هەر بە تاوانی وروژاندن و دنە دانی لاوان لە دژی کۆماری ئیسلامی پار ساڵیش بۆ ماوەی سێ مانگ لە زیندانی شاری مهاباد و ورمێ دا زیندانی کرا. سمایل سەردەشتی بیست ڕۆژی ماوە دراوەتێ تاکو بتوانێ لەم ماوەیەدا بە ڕیگای پارێزەرەکەی خۆیەوە لە لای دادگای پێداچونەوە لە شاری ورمێ لە بەرامبەر بڕیاری بە ناو دادگای گشتی سەردەشت ئیعتیراز بکات.

This document was created by Print2PDF
http://www.software602.com

یەکێتی دێمۆکراتەکانی کوردستانی ئێران ئەم کردەوە وەحشیگەرانەیەی سەرانی کۆماری ئیسلامی مەحکوم دەکات و داوا لە هەمو چین وتوێژە جیا جیاکانی خەڵکی کوردستان و ئێران بە گشتی و شاری سەردەشت بە تایبەتی دەکات کە بۆ بەرگری کردن لەم کارە و پشتیوانی کردن لەم هونەرمەندە ناڕەزایی خۆیان دەرببڕن و بە خۆپێشاندان و داخستنی دەرگای دوکان و مەدرەسە و نەچون بۆ سەرکاری ئیدارە فشار بخەنە سەر دادگای گشتی شاری سەردەشت بۆ پاشەگەز کردنەوەیان لەم بڕیارە . مەحکوم کردنی ئەم هونەرمەندە بە شەش مانگ زیندان و 73 زەربە شەللاق لە لایەن بە ناو دادگاکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستییەوە پێشێلکردنی ئاشکرای بڕیارەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پێچەوانەی بڕگەکانی یاسای بەیاننامەی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئوروپایە کە لە ڕۆژانی ڕابوردودا بە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەری کرد .

یەکێتی دێمۆکراتەکانی کوردستانی ئێران

11ی گەلاڕێزانی1383

yeketidemokratekan@yahoo.com
www.ydki.org

This document was created by Print2PDF
http://www.software602.com